

# مرۆڤ بوخچەی نەکراوەیە

محەمەد کەریم نانەوا

ئەوێ ڕۆژێ، ئەو شوێنەی کە بەتاقی تەنیا، لەلاپەڕگەی باغی شار، زۆر بێواز و بێ هێز و مات و مەلوول، جەستەیەکی داهێزراو لەسەر تەختێک دۆش دامابووم، سەری دنیا و بنی دنیام لێ وێک هاتبۆوە، ڕۆژەکی فرەناخۆش بوو، ڕۆژێکی شووم بوو، کاریگەری لە هەست و نەست و هۆشم کردبوو.. تەنیا ئەو کەسانە هەست بەم دیمەنە کۆست کەوتە دەکەن کە ئازیزێکی خۆشەویست و گیانی بەگیانییان لەدەست دابێ، بەوای چاومۆنی سانسۆر، نەیتوانیبێت، پرسەیەکی گەرموگوڕی بۆی دابنێت، بەشێوە غەریبەی هێواران بۆ دڵدانەوەی وابێ کەمێک لە ژان و سوێی کەم بکەنەوە.

لەو حاڵەتەدا بووم، کابرایەک، لەلاڕا دەهات، تەزبێحەکی بەدەستەوەبوو، بە پەنجەی شایەدمانی بای دەدا، ڕیشی. سەروسمێری ماش و برنج بوو، چەند شەقاوێک لەمن ڕەت بوو، هەروەستەیەکی کرد، دیاربوو سەرپێیی هەریسەنگاندم، گەڕاوە هات، ئەلحەقە سەلامی کرد، کەچی ئارامی نەگرت، نەیهێشت وەرامی سەلامەکەی بدەمەوە گۆتی:

– خۆ پێت ناخۆش نییە کەمێک دانیشم، وەختەکە بکوژین؟!

– نەخێر، فەرموو دانیشە... دانیشت!

پاکەتی جغارەی واری کردەوە، جغارەیەکی لێ دەرێنا گۆتی:

– جغارەخۆری، فەرموو داگیرسێنە بەبای دە.

– نەخێر جغارە ناکێشم، منگەیەکی لێوەهات، تێی نەگەیشتم، جگەرەی داگیرساند، دووسێ

مژی توندی لێ دا، دووکەر، لەدەم و کونەلووتی سەری کرد، پاشان هەر لەبەرەخۆی گۆتی دنیا، کاروان سەرایە ئەوەدێ، شەوێک لێی دەبێتە مێوان، سبەینێ زوو، لەگەر گەردی بەیانیدا، بنەوبارگەی تێک دەنێ، دەڕوا، ئیدی کەس بەسەر و سۆراغ و چارەنووسی نازانێ.

پێدا چوو، گۆتی ڕۆژەکەی زۆر درێژە بەکۆتا نایێ، بەجغارە خواردن و گورەبەڕۆژەقرتاندن بەڕێ ناکرێ، پاشان گۆتی:

خزم، دەرێی چی، هەرت گرم، یان هەرم دەگری.؟!

تێ فکریم، ئەو مرۆیە، کابرایەکی زۆر بەقسەیە، باری وی، بەمن هەرناگیرێ، بەرام، مرۆڤ بوخچەی نەکراوەیە، هەتا نەیکەیەوە، نازانی چی لەهەناوی دایە، ئەوەی لەسەرە منە، هەر سەرم لۆی دەلەقێنم، ئەویش هەتا شەویلاکی شل دەبێ، با هەر بپرێسێ.

– فەرموو، هەرم گرە.

گۆتی: ژیان تفتە، مزرە، تارە ـ تیژە، سوورە، بێ خوێیە، کەسکوونە، ژەقنەبووتە، ترشە، ژەهری مارە، قوزەقورتە، کەچی لەگەر ئەوەشدا، خۆشە، مێخۆشە، شیرینە، شەکرە، نەباتە، لەزەتە، هەنگینە، لوقمە، بەتام و چێژە..

ئیدی، هەتاکوو ئەو ڕۆژەی کە بەچاردەستە شۆڕت دەکەنەوە مابەینی دووبەردان، خۆشی بێ، ترشی بێ، دەبێ هەر هەموویان تام بکەی، ئەوە سوننەتی ژیانە، ناتوانی دەست بەرداریان بی، دەبێ ڕایکێشی.

دواتر درێژەی پێ دا، گۆتی بەندە، زادەی کۆمەڵی کوردەواریم، فرچکم بە بۆنوبەرامی خاک و ژینگە و ئاووهەوای دەشتودەری گوندەوە گرتووە، چاوم بەسروشت و جوانی مێرگ و قەناتی بیری ئاو و دۆراب و کۆل و مێگەل هەرێناوە.

ئەوەی کە پێی پەست و قرس و دڵتەنگم ژاوەژاوەی هەزارەزیلەی شار و کۆسە کۆسانێ و ڕاکە ڕاکە بەدوای نان و هات و نەهاتی قرۆش، بوویتە کراسی نارێ، هەتا نەدرێ؟! چێ نابێ، دەڕوا و ناڕوای نەفتیش بوویتە سەر بار.

زەینم لێ بوو، لە ناخەوە هەناسەیەکی هەرکێشا، بۆن ساردی لێ دەهات، دواتر هاتەوە سەر سەدەی باس و گۆتی:

(ساقی) حاجی لەق لەق، بە ڕیشی ئاجەراتی عەفلەق و حۆرانیی و مورید و دەروێش و شاگردەکانیان، چی بکەم؟! ئەوەیە کە هەندەی دەکەم و دەکۆشم، لەگەر کووچە و کۆرانی بەرتەسک و تەنگەبەرشار، هەروەها چاوی سانسۆری (خەفیەی) خۆمانەی بێگانەپەرست، هەرناکەم، ئەلحانیشی لەگەردابێ، شەوانە خەون بەکووچە و کۆرانەکانی گوندەوە دەبینم.. ئەگەرچی سەروسمێر و ڕیشم لەگەر بەفری قەندیل شەڕدەکات، بەرام درودەروون و هەست و خوستی هەوەسبازیم، تاموبۆی کوڕەلاوێکی قۆزی دەشتەکی لێوەدێ...

درێژەی دایێ گۆتی، گەلێ شەوان خەون بەشەغرە و قرشە و گێرە و سواری جەنجەڕ و دۆراب و کاکێشانەوەی شەوانی (لەودە) و بەزم و ڕەزمی کوڕگەل و گێژوکاری گوندییەوە دەبینم، ئەوەی شەوێ لەشەوان، نەچووبیتەوە کاکێشانێ، چووزانێ تام و لەزەتی خۆشیی کاکێشان لەچیدایە؟!

هەندە شەوان، بەخەون، بەڕیشی سپی و بەهەڕەتی هەرزەکارانەوە، دەچمە شەو ڕاوێ، ئەوەی نەچووبێتە شەوڕاوێ؟! تەمەنی بەدەردی ڕەژووی خۆشناوەتی دەچێ، کەچی ڕابورد، ئەگینا کسپە لە هەناومدا هەردەستێ، بۆن سۆتووی لێ دێ، من لەئەبڵەق مابووم، زەق زەینم دابوێ.!!

لە ناخەوە هەناسەیەکی هەرکێشا، فرمێسک بەگوڕ، بەسەر ڕوومەتی چورچ و پڕ لۆچیدا داباری.. لەگۆ نەکەوت، وەکوو منداری تازە بیەوێ فێری ئاخاوتن بێت، زگی پڕبێ لە قسە، هاتەوە گۆ، گۆتی هەنگێ کاتێ کە سێباری نیوەشەوێ، کە شەو لەباریەک ڕادەکشا، ئەوکاتەی کە کەرەبابی پلکە گوڕێ بانگی نیوە شەوی ڕادەدێرا، بێ ئومێدبوونی ئەو ژنانەی کە سەر لە هیوارێوە زیزبوونە، بەرام هەستیارن، بەبەشکو بێن بیانبەنەوە، کەچی نەخێر، تازە شەو بەقووندا کەوت نایەن، چیتر لە چاوەڕوانیدا نامینێن، ئیتر بە هەناسە ساردی و کەسەرەوە، سەردادەنێنە سەر سەرینی نائومێدی، تاکوو ڕۆژدەبێتەوە بەزڕ خەوی خەریکی کەلەکە گۆڕین و بە خەونی جڕناوفڕنا، خەویان لێ هەر دەزڕێ، ئیدی ڕێک لەدەمەوە ساتەی کاتی بانگی کەرەبابی ژن زیزبووندا، گورجوگۆڵ پڕدێنم دەبەستا، دەبانم دەنایە بەر باغەرم، توند و تۆل.. بۆ گەماڵەبۆریش پارچە نانێکم دەنایە بەرکی شەروارم، ئەگەرچی دەمێکە گەماڵە بۆر، وەکوو بەرێ، لێم نامرێنێ، بەرۆکم ناگرێ، چونکی بۆنوبەرامی (ئەوم) لێ دێ، دەمێکە ئاشناین، خۆی لە گورەنابات، بەبۆن دەمناسێتەوە، ئەگەر چی بێ زمانە، کەچی زۆر بە ئەمەک و وەفادارە، واتە مرۆ، نابێ و ناکرێ ئەوەندە سپڵەبێ بەرانبەر بەبێ زمان، بۆیێ سەرم تێدا بچێ، چاکەی گەماڵەبۆر هەرگیز لەیاد ناکەم، قەت نەمدەهێشت شەوان بەبرسێتی وەمینێتەوە.

ئیدی ئەگەر مانگەشەو بووایە.؟! خۆم دەدا بەر سێبەری دیوار! ئەگەر تاریکە شەویش بووایە، بەپەنا دزە و خۆشاردنەوە، بن دیوار و بن دیوار.. ((مەبەستم لەشکری بن دیواری ئێستاکێ نییە)) مەبەستم لە خۆشاردنەوە لە تریفەی مانگ و گرشەی ئەستێران و بێ سرتە و چرتە و خشپەی پێ و بەدزی پیرە ژنە بەدفەڕەکانی ناو هەقایەتەکانی بەر، بەردەسێرە و ئاگردان، یان سۆبەی شەوانی جستانی کوردەواری، ئەوجا بەئەسپایی و بەشێنەیی و لەسەرەخۆ، نەختێک هەس ڕاگرتن، ناوەناو، گوێ بیستی، زەرە زەڕی نێرەکەرەگولەی، حاجی حەمشینی بەقار، ئەو سندان کوشتییە، ئەوندە تێروتەسەڵ بوو، بەرزەفت نەدەبوو، مەندایی شەوەکەی دەشلەقاند، ئەگینا نە سریوەی سووراندووکە، نەتەپەی پێی پشیلە، لەئارادا نەبوو، شەوێکی کشومات، بێ هەستوخوست.

دواتر بەدڵنیاییەوە، بەپەنجەی دۆرە درێژە، هەر (٣) پشکەی شمشێرەی دەرگای حەوشەم دەترازاند، دڵنیابووم لەوەی کە (ئەو)، هەر وەکوو پیشەی هەمیشەیی... دز و خاوەن مار، ((گای لە کولانکە ئاودیو دەکەن)).

دوای مار نووستنان، چرا ڕەشکە دەکوژێنیتەوە، مرۆی هیلاک و ماندوو، کە کەوتە ناو خەوێ، خەوی قورسە، جانەکا خەو زەفەری پێ ببات، داوە بەنێکی زراوی ڕایەڵ دەکرد، بە دەرگەی ناندینەوە گرێی دەدا، سەرەکەی دیکەی دەکردە قورفانگە، وەکوو دەزبێنی سەرە شوانی مێگەل لە هەوێزی، نەکا مێگەل ڕابدات، یان مەڕ بڕەویتەوە، یان گورگێک، دەعبایەک لە مێگەل نزیک کەوتبێتەوە.. (ئەو) قورفانگەکەی لە پەنجەی کوتمەی پێی خۆی هەردەکێشا، ئەوجا وەکوو (مارەزیو) هەزارپێ بەهێواشی دەخزیم، شەوڕاو، زۆرخۆشە، خۆم دەگەیاندە جێژوان، لە ناندینێ، ناندین کەوتبووە، قوژبنێکی حەوشە، ئەوجا بەهێواشی داوە بەنەکەم ڕادەکێشا، دوای تاوێ لە چاوەڕوانی دەهات، ئەمما چ دەهات؟!

تۆ برێی فریشتە، من دەرێم پەری، تۆ برێی

مەلـەک، مـن دەرێـم، شۆخوشـەنگ، گوڵێکـە، سـەر تۆپـی کیژانـی هـەر حەفـت ئاواییەکانـی چار دەورەی ئاوایـی خۆمـان، گوڵێکـە بەشـەرت، هێشـتانەکێ، بـۆن نەکـراوە، کـە دێـت ئەگـەر مانـگ لـە چـاردەی تەمەنیدابێـت، لـە شـەرمان و لـە حەییەتـان، کەنیزەئاسـا، لـە حزووریـدا دەسـتەو نـەزەر بـۆی دێتـە سـەر چـۆک... ئـەوەی بۆنوبەرامـی مێخـەک و بەرمـووره و ئارەقـەی گەردەنـی بـاڕە کچـان و ژەکـی گـۆی قەیـرە کیژانی نەمژتبـێ و تـام نەکردبـێ، چووزانـێ شـەمامەی نەگەچـراو، نەگـۆواوی بەنـدی باغـەرێ هەتـوان و دەوای بریـن و دەرد و شـیفای دەردەدارانـە.

دیسان دەیرێمـەوە، میـزی مندارێکـی دایک ئەنفالکراو، بەڕیشـی عەفلـەق و حۆرانیـی و موریـد و دەروێـش و شاگردەکانیان و لەشکری ئاڕئاڕی پێخواسەکان، هێلانەی کۆترەکانـی چڵـە زەیتوونـی ئەیووبییـان هەرتەکانـد، سـووتاندیان، دەسـەراتی پڵنگەکانـی چیاکانیـان نەبـوو، ئەگینـا لەبـن و بۆتکـەوە خاپووریـان دەکـرد، لەداخـی پڵنگەکانی چیـا، لقوپۆپـی  دار بەڕووەکانیـان، بەهەلهۆلە و (تبـع یاحـۆم لـۆ جەڕێنـا) ئـەو ملهوڕانـە، گوایـە بەقەرەبـووت کـردن و بەسـۆدرەبردنی دار بـەڕووەکان، ئەتکیـان بـە نـەژادی پارێـزەری چیـاکان کـردووە، گەمـژەن، ئەگینـا، ڕەگوڕیشـەی داربـەڕوو، لەناخـی خاکـەوە بەشـەونمی خوێنـی شـەهیدان، هەمـوو سـارێ، لەگـەر گژوگیـا و کوریکـە سـوورەی بەهـاران، شـەخەڵ دەردەکاتـەوە، سـەبرۆکە سـەبرۆکە دەژیێتـەوە، چـی بکـەم؟! خەفەتخانـم، ئەگینـا ئـەو مناجاتانـە بیرەوەریـن، زام و بریـن کولانـەوەن، داری بـێ بـەرن، بەرناگـرن، دەسـووتێن دەبنـە ڕەژوو، کەبابچییەکانـی شـار، کەبابـی پـێ دەبرژێنـن بـۆ زگەسـتوور و تێرنەخۆرەکانـی نەکـردە و چڵێـس، ئەوەنـدە ڕووقایمـن، لـە هەمـوو مەنجەرێـک ئەسـکۆن.

- ئیـدی مێوانەکـەم هەسـتاوە سـەرپێ، دەسـتی درێژکـرد، دەسـتم دایـە دەسـتی، گۆتـی: خـۆ وەڕسـم نەکـردی، ڕۆیـی.

چەنـد هەنگاوێـک بەدوورکەتـەوە، سـووکە ئاوڕێکـی لێـم داوە، دواجـار بـە مەبەسـتی خـودا حافیـزی دەسـتی برنـد کـرد.

**نیسانی ٢٠٢٤**